مالیکی بۆ پەسندکردنی یاسا گرنگەکان جەخت لە گرنگی هەماهەنگی هاوپەکانی کوتلە سیاسییەکان دەکاتەوە



ئەمڕۆ چوارشەممە، نوری مالیکی سەرکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا، جەختیکردەوە: لەسەر گرنگی هەماهەنگی هاوکانی کوتلە سیاسییەکان لەناو ئەنجومەنی نوێنەران بۆ پەسندکردنی یاسا گرنگەکان.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا لە بەیاننامەیەکدا کە بە ئاژانسی هەواڵی موتەبع ناردووە، دەڵێت: "نوری مالیکی، سەرکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا، ئەمڕۆ لە نووسینگەکەی خۆیدا پێشوازی لە شاندکی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی خزمەتگوزاریەکانی پەرلەمانی کرد بە سەرکایەتی محەمەد جەمیل میاحی".

ئاماژەشی بۆ کرد: لە سەرەتای دیدارەکەدا "ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران پیرۆزبایان لە مالیکی کرد بۆ بۆنەی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان"، و جەختیانکردەوە، لەسەر "گرنگی پڵەکردن لە تەواوکردنی ئیستیحقاقە دەستووریەکانی دیکە، بەتایبەتی دوای ئەوەی سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران و دوو جێگرەکەی هەڵبژێردران".

هەر بەپێی بەیاننامەکە، "هەردوولا ژمارەیەک بابەتیان تاوتوێ کرد کە پەیوەستن بە گفتوگۆ بەردەوامکان بۆ پێکهێنانی حکومەت، و جەختکردنەوە لەسەر گرنگی هەماهەنگی هاوکانی کوتلە سیاسییەکان لەناو ئەنجومەنی نوێنەران بۆ دەرچووانی یاسا گرنگەکان، و کاراکردنی ئەی چاودێری و

یاسادانانی ئەنجومەنی نوێنەران لە ماوەی داهاتوودا".